ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

# پەراوێزێک لەسەر وتاری هایدگێر؛
## لێکۆڵینەوەی دیلتای و تێکۆشان بۆ جیهانبینییەکی مێژوویی

ئەستێڵ ئینسایت
بیرکردنەوەی فەلسەفی



# پەراوێزێک لەسەر وتاری هایدگێر:

## لێکۆڵینەوەی دیڵتای و تێکۆشان بۆ جیهانبینییەکی مێژوویی (1925)

**ئەستێڵ ئینسایت**

ئەستێڵ ئینسایت

بیرکردنەوەی فەلسەفی

ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

Chapter Ten In *Van Buren, John (ed.) (2002). Supplements: From the Earliest Essays to Being and Time and Beyond. State University of New York Press.*

---

Wilhelm Dilthey’s Research and the Struggle for a Historical Worldview (1925)

پەراوێزێک لەسەر وتـاری هـایدگێر؛ لێکۆڵینەوەی دیڵتای و تێکۆشـان بۆ جیهانبینییەکی مێژوویی (1925)

---

لەم وتارەدا هـایدگێر لە سۆنگەی دیڵتایەوە دەیهەوێت لە دەروازەی پرسیاری "واقعیەتی ژیان چ واقعیەتێکە" بەرەو وردەکاری زۆرتـر لەسەر مـانـای مێژوو، جیهانبینی و بـوونی مێژوویی هەنـگاو هەڵ بێنێت.

_ ئەو ڕوونی دەکاتەوە جیهانبینی تەنیا شێوەیەکی تیۆریک نییە لە زانین، بەڵکوو وەک ڕوانینێکی پراکتیکاڵ و سەقامگیرە سەبارەت بە جیهان و هەبوون. واتە لە جیهانبینیدا زانین یان زانسـتی مێژوو، کۆی فـام لە جیهان و دازاین دەسـتەبەر دەکات. لەم ڕێگەیەدا زانین بە تـایبەتـمەنـدی مێژوویی جیهانبینییەوە، بـنەڕەتی ئەو چـوارچێوەیەیە کە جیهان و دازاین فـامـهەڵگر دەکات. کاتێک کە مێژوو هەڵگری ئەمە بێت کە واقعیەتی تـاک لە بەسـتێنی مێژوویی خۆیدا ئـاشکرا بکات ئەوسا دەتوانین باسی "ئاگایی مێژوویی" بکەین.

_ ئـامـاژە بەوە دەکرێت کە دووای پـارادایمی هێگڵی، مێژوو وەکوو مـانـای بـوونی مێژوویی دەگۆڕدرێت بەرەو زانسـتێکی سیستماتیک کە لە ژێر نـاوی زانسـتی مێژوو پۆلێن دەکرێت. لەم کاتەدا فەلـسەفە دەبێت بە تیۆری زانسـت. هـایدگێر دەیهەوێت لەسەر هەوڵەکانی دیڵتای،

"بـوونی مێژوویی" له مـاتێریاڵی زانسـتیی مێژوو جیا بکاتەوە و بیسەلمێنێت تەنیا بە وەرگـرتنی مـانـای مێژوویی ژیانە کە دەکرێت زانسـتی مێژووش هەبێت. کەواتە بەدەسـتهێنانی ئـاوا جیهانبینییەکی مێژوویی بەسـتراوەتەوە بە دیاریکردن و سەرقـاڵبوو بە دۆخی مـرۆییەوە. «جیهـانبینی مێژوویی، کرانەوەی بـاس نییە سەبـارەت بە چەمکی مێژوویی جیهان؛ بەڵکوو سەبـارەت بە خـودی مـانـای **بـوونی مێژووییە** (150).» کام واقعیەت بە مـانـای ڕەسەنەکەی مێژووییە؟ «واقعیەتی ڕەسەنی مێژوویی بە واتـای خـودی بـوونی دازاینی مـرۆییە. ڕەوشـتی بنەمایی دازاین **کاتە** (151).»

_ هـایدگێر لە بەرانـبەر سێ ڕوانیندا بۆچـوونی دیڵتای پێناسە دەکاتەوە (152) : 1. **پـازێتیڤیزمی فەڕانسی**؛ دیڵتای پـازێتیڤیزم وەکوو دەروازەیەک دەبینێت بۆ ڕەخـنە لە مێتافیزیک. بەڵام ئەم ڕوانیـنە ڕەد دەکـاتەوە کە پێی وایە مێـژوو و زەیـن (وەکـوو شـتێکی مـرۆیی) لە سـروشـت پێکهاتبێت. (مێکانیکی بێت) دیڵتای پێی وایە پازێتیڤیزم پێناسەی شت و دیاردەکانە لە دەرەوەی خۆیان. 2. **قـوتـابـخانەی مێژوویی**؛ دیڵتای لەم ڕوانینەوە ئەو شـتە بـنەمـاییەی بیرۆکەی خۆی وەرگـرت کە تێیدا زەینی مـرۆیی وەکوو بەرهەمی تەجـربەی مێژوویی دەبینێت. 3. **کاریگەری فەلـسەفەی کانـت** لەسەر دیڵتای ئـاوا بـوو کە زاتی زانین و زانسـت وەکوو بەرهەمی مـرۆیی وەربگرێت و هەروەها زانین لە بەستێنی گشتی ژیاندا ببینێت. ئەو فامی دۆخی مرۆڤ پەیوەند دەداتەوە لەگەڵ تێگەیشتنێکی تەواو لە بوونی مرۆیی.

ـ مێژووی زانستە مێژووییەکان جیاوازە لە مێژووی زانستە سروشتییەکان؛ چونکە لە ڕاپرسی و لێکۆڵینەوە لە نێو زانستە مێژووییەکان بە شێوەیەک ژیانیش دەکەوێتە بەر ناسین. کەڵکەڵەی دیلتای ئەوە بوو کە واقعیەت لە واقعیەتی خۆیدا بخاتە بەر باس و ئەم کارە نەک بە سیستمێکی زانستی ڕەبەق بەڵکوو بە سەرنج و ناوک بەخشین بە چەمکی **ژیان** ڕوون کاتەوە. ئەو دەیویست ڕەوتی خۆ-زانینی (خۆ-ناسین) مرۆڤ بکاتە بابەتێک کە بۆ تێگەیشتن بشێت (155). ئەو بۆ پێناسە و فامی واقعیەت بەدووای پرسی بوونی مێژووییدا دەگەڕا نەک ئەوەی کە بیهەوێت بە شێوەیەک تایبەتمەندی زانستی مێژوویی لە زانستی سروشتی جیا بکاتەوە. بۆیە واتای بوونی مرۆڤ نەک تەنیا پەیوەندی بە ئاگایی لە جیهان و پەیوەندییە سیستمییەکانی نێوان دیاردەکانەوە هەیە، بەڵکوو ئەوەی کە بنچینەیی ترە خۆ-ناسیی بوونی مێژووییە. «زانینی مێژویی فۆرمێکی جیاواز لە خۆ-ناسییە (155).» هەر بۆیە پرسیاری سەرەکی دیلتای لای هایدگێر چەمکی ژیانە کە بۆ جەخت کردنەوە لەسەری دەبێت خودی ژیان لە چەمکاندنێکدا وێنا بکرێت. هایدگێر پێی وایە لە ئاوەها مەڵبەندێکی توێژینەوەیی «تەجربەی مرۆیی واقعیەتێکە کە لە نێو جیهان بوونی نییە، بەڵکوو لە نێو چاولێکردنێکی دەروونی گەڕانەوەدا، واتە لە نێو خودی ئاگایی کەسدا دەسدەکەوێت.» کەواتە لای دیلتای دەروونناسیی زانستێک نەبوو کە وەک شتێکی سروشتی واتای هەبێت بەڵکوو دەروونناسیی زانستی بەستێنەکانی تەجربەیە. لەم ڕوانینەدا جیهانی دەرەوە وەک واقعیەت هاوشێوەی جیهانی ناوەوەی زەین-دەروون نییە کە لە خۆگرتووی ڕەگەزی سروشتی بێت.

_ هــایدگێر لێرەدا دەیهەوێت ڕوانینی هــاینریک ڕیکێرت (فیلسوفی نیۆکانتی ئــاڵمانی) لەگەڵ ڕوانینی دیلتای لەسەر دەروونـناسیی وەکوو زانسـتی ئـاگـایی بە شێوەی دوو چـوارچێوەی جیاواز شرۆڤە بکات. بە شێوەی کورت: ئەگەر زەین-دەروونی مـرۆڤ وەکوو بـابەتێکی سـروشـتی سەیر بکرێت کە مێژوو تەنیا ڕۆڵی کاریگەربــوونی شــتە ســروشــتییەکانی هەبێت، کەواتە تەجــربەی مـرۆییمان وەکوو بـابەتێکی گەردوونی فـام کردووە؛ بۆیە مـرۆڤ یان تـاک وەک تێگەیشتوو و بە میراتــهەڵگری مێژوو یان زانســـتی مێژوو پێناسە نـــاکەین (ڕیکێرت وا دەیبینێت). لای ڕیکێرت چەمکی ژیان خـــاوەن هیچ واتـــا و پەیوەیـندییەکی زانســـتی بۆ لێکۆڵـینەوەی مێـژوویی نییە؛ بەپێچەوانەوە لای دیلتای زەین-دەروونی مـرۆیی لە بەسـتێنی خـودی مـرۆڤدا ڕوو دەدات، نەک وەک تەجـربەگەلێکی دابڕاو و وەسـتاو بەڵکوو وەک ڕەوەنـد و بـابەتێکی لەگەڕ دەبینرێت. دیلتای چەمکی ژیان بە گرنگ دەنرخێنێت تاکوو دەروونی مرۆڤ وەک بابەتێکی ڕۆحی و نامادی پێناسە بکات. بۆیە لای ئەو ئاگایی **خۆ-ناسینە**.

**بەشی 7**

_ هـایدگێر لە سەرەتـادا پێش چـوونە نێو بـابەتی دیاردەنـاسیی وەکوو ڕوانینێک کە تێیدا ژیانی مــرۆیی گــرنــگ دەنــرخێت، دەیهەوێت سێ بــابەت لە یەک جیا بکاتەوە. یەکەم گــرنگیدان بە **مێژوویی‌بــوون** نەک شــتی مێژوویی، **بــوون** نەک بـوونەوەرەکان، خـودی **واقعیەت** نەک شــتی واقعی.

مێژوویی‌بــوون، واقعیەتی مێژوویی وەکوو دراوەییەک-پێدراوەییەک (givenness) سەیر ئەکات کە تێیدا دەکرێ واتـای بـوون یان بـوونی مێژوویی بەرچـاوتـر بکەوێت. هـایدگێر ئـامـاژە دەکات کە

فەلـسەفەی نەریتی بە بۆچـوونـگەلێک سەبـارەت بە چەمک و شـتەکان دەس پێ دەکات بەڵام دیاردەنـاسی وەکوو ئەرکێکی فەلـسەفی، لەوەوپێش لە خـودی شـتەکانەوە دەس پێ دەکات. شوێنی دەسپێکردنی دیاردەناسی ئاگایی ڕۆژانەی دازاینی مرۆییە؛ لەم پێگەوە بەرەو دەرخستنی بـنەمـایی چەمک و دیاردەکان هەنـگاو هەڵدێنێت. کاتێک هـایدگێر دەیهەوێت ئـامـاژە بە مێژوویيبوونی دیاردەنـاسی یان بـوونی مێژوویی بکات لە ڕسـتەیەکی گـرنـگدا دەڵێت کە دیاردەنـاسی دەبێت خۆی بەرێتە نێو ئیمکانی دەربـازبـوون لە نەریت، بۆ ئەوەی کە ڕابـردووی فەلـسەفە بۆ وەرگـرتنێکی ڕەسەن ئـازاد بکات (160). دیاردەنـاسیی لە بـنەمـای خۆیدا جەخـت لەسەر پێوەبـوویی (intentionality) دەکات؛ واتە بە نیشانەگـرتنی شـتێک لە هەبـوونـدا یان ئەوەی کە بیرکردنەوە هەمـووکات بیرکردنەوە لە شـتێکە. هەبـوون یان بـوونی-ئـائێرە وەک دازاینیش هەمـووکات پێوەبـووی شـتێکە. لای دیاردەنـاسی، بـوونی مـرۆیی بەسـتێنی تەجـربەیە. کەواتە ئەوەی کە هەیە یان واقعیەتە، دراوەیەکە لەسەر بەسـتێنی تەجـربە کە دازاین یان بوونی-ئائێرەیە. کاتێک دەگوترێت شتێک هەیە دەبێت بە شێوەی دیاردەیی یان دەرکەوتووانە لە ڕووی تـوانـای دراوەییەوە پێشان بـدرێتەوە. دیاردەنـاسی، ژیان بە گـریمانە دەگـرێت؛ چـونکە ئەوەی کە بڕیارە بە شێوەی دیاردەیی بـسەلمێت لە جیهانی تەجـربەدا وەستاوە و دراوەیە. جیهان هۆکاری تەجـــربە نییە بەڵکوو ژیان ڕەوەنـــدی ئەم تەجـــربە کراوەییەیە (162). بەشی VI، VII-VIII و IX چـــونکە لەسەر شرۆڤەی ئێگزێسـتـنشیاڵی دازاینە بەجێی دەهێڵـین و ڕاســـتەخـــو لە بەشی کۆتاییەوە (X) دەس پێ دەکەین.

_ لە 173دا دەڵێ مێژوو واتـــای ڕوودانێک ئەدات کە ئێمە خۆمـــان لە نێویداین و تـــووشیین. جیاوازییەک لە نێوان مێژوو و جووڵەدا هەیە. مێژوو بریتییە لە جۆرێک جووڵە. جووڵە ڕوودانە؛

وەکوو ئەوە وایە شـتێک لە ڕابـردووەوە هەبێت کە بە شێوەیەکی تـایبەت دەیناسین و هەڵمان گرتووە و بەرگەی دەگرین (173). لە کاتێکدا زانستی مێژوویی بە واتای ئەوەیە شتێک ڕوویداوە و لەبەر ڕوودانی لە ڕابردوودا، بکەوێتە بەرناسین. ئەم ناسینە شتی ڕوودراو بە مێژوویی پێناسە دەکات. هـایدگێر ئەمە وەک زانینی ڕوودان بـاسی دەکات. ڕوودان بە شێوەی ڕەسەن لە بـوونی-ئائێرەدا دەرکەوتووە. «ئێمە مێژووین، ڕابردووی خۆمانین. داهاتووی ئێمە لە ڕابردووەوە دەژی. ئێمە ڕابـردوومـان هەڵدەگرین. ئەمە بە ڕوونی لە نێو هەر بوون-لەگەڵ-یەکترێکی نێوان بەرەکان دەبینرێت (174).» هـــایدگێر لێرەدا بـــاس لە گـــرنـــگایەتی چەمکی بەرە (نەوە) لە نێو مـــانـــای مێژوویيبوون دەکات و پێی وایە پەیوەنـــدی نەوە و ڕابـــردوو وەکوو پەیوەنـــدییەکی نـــوێخواز و بەرهەمهێنەرە. بۆیە دەڵێ ئێمە تەنیا خۆمـان نین بەڵکوو سەر بە نەوەیەکیشین. واتە نەوە وەک نەهێنی مێژوو و هەڵگری داهـــاتـــوویەک کە لە ڕابـــردووەوە هەڵگیراوە پێشەکی بەسەر تـــاکدا هەیە. دازاین لێرەدا تاکە، بەڵام وەکوو بەدەستهێنانی بوونی مێژوویی خۆی، ژیانێکی بەستراو بە نەوەی خۆیەتی. بۆیە بە بڕوای هـــایدگێر لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی کە بەسەر مێژووییبـــوونی بـابەت و بـوونی مێژوویی دازاین ئـاگـایە، گەڕانە بۆ ئەگەرێک بۆ ڕزگـارکردنی ڕابـردوو بە ئـامـانجی دۆزینەوەی ڕیشەگەلی ڕەسەن و وەبەرهێنانەوەیان لە ئێستادا. هەروا کە «ئـاگـایی مێژوویی یان مێژوومەنـد ڕابـردوو بۆ داهـاتـوو ئـازاد دەکات، لەم کاتەدایە ڕابـردوو هێز دەگـرێت و دەبێتە بەرهەمهێنەر (175).»

---

بەشی "بیرکردنەوەی فەلسەفی" ئەستێڵ

Van Buren, John (ed.) (2002). Supplements: From the Earliest Essays to Being and Time and Beyond. State University of New York Press.